# ئالای هیوام

ئەحمەد دەشتی



ئەی ئەو هەستەی خۆشەویستیت
وا لە ئاسۆی شیعرەکانم
هەموو دەمێ خۆت دەنوێنی
گەر تۆم نەبێ
وا لە ئاسۆی تاریک و ڕوون
هەست و بیرم لێ ون دەبێ
گەر تۆم نەبێ ئارەزووی دڵ
وا دەزانم لە وێرانە و
خەراباتا ئەمن دەژیم
ئەگەر هیوام لێ ون ببێ
هەموو ساتێ هەرخۆم مەرگم
بۆیە هەردەم
شیعرەکانم بە هەستی پاک
لە بەرزایی و لوتکەکان دا
بە هیوای دل دەهونمەوە
هەموو ساتی نەوڕەسەکان
لە دەروونی شیعری خۆم دا
سەربەرزانە دەژیێنمەوە
بە تەنینی هەستی بلّند
ئاوازی زشت تورٍ دەدەم و
لە قولایی شیعری دەروون
دەنگی راستی وەسەر دەخەم
بۆگشت وەرزی تەمەنی ژین
ڕوودەکەمە ترۆپکان و
ساتەکانی ڕەهایی بوون
لەبەرزایی وەسەر دەخەم



له گەوهەری پەیڤی ڕاستی و
سەر ترۆپکان
ئەستیرەکان گەش دەنوێنن
له ناو شیعرم خۆشەویستی
ئارەزووەکان خۆ دەنوێنن
هەر لەو لوتکه بڵندو بەرزه
سەردەکەوم و
ئالای هیوام لێ هەڵ دەدەم
ئەگەر دۆندی بەرزی ژیان
لەشعرم دا من نەبینم
دیاره ژیان لەخەرەندی
پڕئازاری مەرگەبینم
بۆیەلوتکەم منخۆش دەوێ
چونکه لەوێ من ئارامم و
بڵند دەبینم

*